# بانگەوازێك بۆ بەرگریكەرانی مافەكانی پەنابەران و هەڵسوڕاوانی فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی لەئەڵمانیا....

پەنابەرانی كوردستانی عێراق بەتایبەتی و عێراقی بەگشتی لەئەڵمانیا لەگەڵ هەلومەرجێكی سەختی ژیان بەرەوڕوون, دیپۆرتی هەمەڕۆژە, تازەنەكردنەوەی ئیقامەكان, دابڕانی چەند ساڵەی هاوسەر ومناڵ, ترس لەلێسەندنەوەی ئیقامەی ئینسانی, ....پەرەگرتنی ڕاسیزم و گروپی ڕاسیستی, بێگانەدوژمنی و ئایزەلاسیۆن و دابڕان لەكۆمەڵگاو دووركەوتنەوە لەخۆشی و بەختەوەرییەكانی هاوچەرخی ئەڵمانیا...

ئەم هەلومەرجەی ژیان پێویستی واقعی بەبوونی ڕێكخراوەیەكی جەماوەری هەیە كە لەبەرامبەر سیاسەتی دژی پەنابەری دەوڵەتی ئەڵمانیا بوەستێتەوە. ئەم سیاسەتەی دەوڵەت خۆی بەرئەنجامی نەبوونی ڕێكخراوەیەكی بەهێزی ئامادە بۆ بەرانگاری لەگەڵ دەوڵەت هەیە لەنێوخودی پەنابەراندا. جێگای ڕێكخراوەیەكی جەماوەری وتێگەیشتوو لەخواست و ئامانجەكانی پەنابەران و پێكهاتوو لەنێو پەنابەران خاڵیە. ڕێكخراوەیەك بتوانێت, ناڕەزایەتی جەماوەری پەنابەر سازمانبداو هەڵخرێنێ و یەكگرتوو بكات و لەتەنیشت ڕێكخراووكەسایەتیە ئینسانیەكان لەبەرامبەر دەوڵەت ڕاوەستێ.

بەهۆی نەبوونی ئەم ڕێكخراوەوە, بەزۆری پەنابەران پەنا دەبەنە بەر هانای تاكی و هەوڵی سەرنەكەوتوو, لەئەنجامیشدا بئومێدی و فەزای كابووس بەسەر ژیان و خەباتی تاكەكاندا دادەپۆشێ ولەنێو ئەم پرۆسەیەدا دەیان كەس لەگەڵ نەخۆشی دەروونی و ئیدمان بوون و ڕەفتاری توندوتیژی وزیندان بەرەو ڕوودەبن, ئەوان بۆ ڕزگاری سەریخۆیان هەلگرتبوو, وەلی بەرەو ئایندەیەكی نادیارو ڕەش دەڕۆن.

بەرپرسیارەتی تەواو لەئەستۆی سیاسەتێكە كە دەوڵەت لەكێشەی پەناریدا جێبەجێی دەكات.

هاوڕێیانی پەنابەروهەڵسوڕاوانی مافەكانی پەنابەران...

ئەو دەرگاو پەنجەرەی ئومێدانە بكەنەوە لە ژوورە تاریكەكانی پەنابەران, ئازادیخوازان و ڕۆشنبیران ڕۆڵتان هەبێت لەبەدەستهێنانی مافی نیشتەجێبوونی بۆ پەنابەرانی كوردستانی عێراق و عێراقی. لەپاراستنیان لەڕاسیزم و ڕاستڕەوەكان, هزرو بیرو ئاكاری مەدەنیانەو ئینسانیانەی پەنابەرانی كوردستانی عێراق و عێراق بەكۆمەڵگای ئەڵمانیا و ڕێكخراوەو حزبەكانیان و بەدەوڵەتی مێركل بناسێنن.

زۆربەتان ناوی ڕێكخراوەكەی ئێمەتان بیستووە, وە هەندێك لەئێوە لەچەند ساڵی ڕابردوودا لەخەبات و تێكۆشانەكانی دا ڕۆڵی گرنگ و پڕبایەختان گێڕاوە. فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی ڕێكخراوەیەكی جەماوەری و سیاسی وئینسانی یە, فەلسەفەی پەیدابوونی بەرگری سەرسەخت و ئەوپەڕی لەماف و ژیانی پەنابەرانی عێراقی دەكات لەتەواوی گۆی زەوی. بەڵگەنامە نێودەوڵەتیەكانی مافی مرۆڤ و مافەكانی منالأن و ژنان بەبەرنامەی خۆی دەزانێت و خەباتی بۆ دەكات. بڕیارنامەی مافەكانی پەنابەران پەسەندكراوەی كۆنگرەی یەكەمی ستكۆهۆڵمی ئۆگووستی 2007 ی فیدراسیۆنە, یەكێك لەپێشكەووتوترین بڕیارنامە جیهانیەكانە بۆ كێشەی پەنابەری و مافەكانی پەنابەر لەسەدەی بیست ویەكەمدا. دژی ڕاسیست ودژی هەموو جۆرە جیاكارییەكی نێوان ئینسانەكانە لەسەر بنچینەی زمان و ڕەگەزو بیروباوەڕو ئیمان و دین وووڵات. ئێمە پێمان وایە هیچ كەس ناقانوونی نیە, هەموو كەس مافی ژیان و كاركردنی هەیە.مافی نیشتەجێبوون یەكێك لەسەرەتاییترین مافەكانی پەنابەران و كۆچكردوانە. ئێمە پێمان وایە, مافەكانی پەنابەر بەشێكن لەمافەكانی ئینسان و لەو وولأتانەی مافەكانی پەنابەر پێشێل دەكرێت, مافەكانی ئینسان نیە.

سەرەتای كارمان لەكۆبوونەوەی هەڵسوڕاوانی مافەكانی پەنابەر و پەنابەران لەكانتۆنەكانەوە بێت و ناوكی ڕێكخراوەیەكی جەماوەری دروست بكەین, ئەم یەكەیە وەك ڕێكخراوەیەك پەیوەندی لەگەڵ پەنابەران, لەگەڵ ڕێكخراوەكانی بواری پەنابەری, لەگەڵ وەزارەتی كاروباری پەنابەری, لەگەڵ كەسایەتیەكان و پەرلەمانتارەكان, دامەزرێنێ. لەئاستی كانتۆنەكاندا خەبات وناڕەزایەتی پەنابەران لەخۆیدا بنوێنێ . پاشان ئەگەر فورسەت هەبوو

فیدراسیۆنی ئەم یەکانە لەئاستی وولاتی ئەڵمانیا یەکبگرن و خەباتێکی سەراسەری و هاوئاهەنگ ویەکپارچە بەرێبخرێت.

سکرتاریەتی سەراسەری فیدراسیۆن و سکرتیری گشتی ڕێکخراوەکەمان و من لە هەموو بارێکەوە ئامادەی هەموو هاوکاری وپێویستیەکم کە بەئێمەی بسپێرن.

دەستەکانتان بەگەرمی دەگووشم و هیوادارم لەخەبات وژیاندا سەرکەووتووبن.

ئادرەسی ئیمەیل تەلەفۆنی سکرتیری گشتی دەشتی جەمال

ئادرەسی ئیمەیل و تەلەفۆنی جەمال کۆشش بەرپرسی ڕێکخستنی سەراسەری فیدراسیۆن

email-jamal-hasan@hotmail.com0041787557786

ئادرەسی پۆستی IFIR;postfach7643,Bern3000CH